# حکوومەت و نیشتمان تێکەڵ بە یەکدی مەکەن!

**نووسینی:** "ڕابێرت فێسک" (١٩٤٦-٢٠٢٠)*

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:** د. سەردار قادر

ئایا دەزانن کە ماڵی عەرەبەکان لەوپەڕی پاکژیدان، بەڵام شەقامەکانیان پێچەوانەی ماڵەکانیانە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە عەرەبەکان هەست بەوە دەکەن کە خانوو وماڵێکیان هەیە، بەڵام هەست بەوە ناکەن کە نیشتمانێکیان هەبێت. ئایا هەر بەڕاست بۆیە شەقامەکانمان پیس و بۆگەنن، چونکە هەست ناکەین کە نیشتمانێکمان هەیە؟

ئەی باشە هۆکارەکە چییە؟

ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

**یەکەم:** ئێمە چەمک و تێگەیشتنمان بۆ نیشتمان و حکوومەت تێکەڵی یەکدی کردووە، وای دەبینین کە هەردووکیان یەکن؛ ئەمەیش لە خۆیدا کارەساتە. حکوومەت بریتییە لە کارگێڕییەکی سیاسی بۆ وادەیەکی کورت لە تەمەنی نیشتمان؛ هیچ حکوومەتێک تا سەر نامێنێتەوە، بەڵکوو دەڕوا و دەگۆڕێت. بەڵام نیشتمان بریتییە لە مێژوو، جوگرافیا و ئەو خاکەی کە ئێسک و پروسکی باوان و باپیرانمانی لەخۆ گرتووە؛ ئەو درەختانەیە کە بە ئارەقەی ئەوان پاراو بوون. نیشتمان هزر و کتێبە؛ نەریت و ئاکارە.

هەر بۆیە هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە کە ڕقی لە حکوومەت بێتەوە و خۆشی نەوێت، بەڵام مافی ئەوەی نییە کە ڕقی لە نیشتمان بێتەوە. کارەساتی لەوەیش گەورەتر ئەوەیە، کاتێک حکوومەت و نیشتمان تێکەڵی یەکدی دەکەین، وای بۆ دەچین کاتێک نیشتمان خەسارەت و تەلەف بکەین، بەو کارەمان گوایە تۆڵە لە حکوومەت دەکەینەوە؛ بە شێوەیەک بڵێی کە نیشتمان هیی حکوومەتە و هیی ئێمە نییە.

باشە پەیوەندیی حکوومەت بەو شەقامەوە چییە کە من و تۆ پێیدا دەڕۆین و تێ دەپەڕین؟ پەیوەندیی حکوومەت چییە بەو زانکۆیەی کە تێیدا مناڵەکەی من و تۆ فێری زانست دەبن؟ پەیوەندیی چییە بەو نەخۆشخانەی کە چارەسەری خێزانەکەی من و تۆی تێدا دەکرێ؟ ئەو شتانە موڵکی ئەوانە نییە کە بەڕێوەی دەبەن و سەرپەرشتی دەکەن، بەڵکوو موڵکی ئەوانەیە کە بەکاری دەهێنن و لێی سوودمەند دەبن. ئێمە لە ڕاستیدا بەو شێوەیە تۆڵە لە نیشتمان دەکەینەوە، نەک لە حکوومەت؛ حکوومەتەکان بە شێوەیەکی تر سزا دەدرێن، ئەگەر ئێمە بەڕاستی نیشتمانمان خۆش دەوێت.

**دووەم:** هۆکاری دووەم ئەوەیە، کە کەلتووری خاوەندارێتی و موڵکی گشتی لامان ونە و نیمانە؛ تەنانەت بەو شێوەیەی کە جۆرێک لە شیزۆفرینا و دژواری لە کەسێتیماندا هەیە. هەر ئەو کەسەی کە تەنانەت ئاودەستی ماڵەکەی زۆر بە پاکژی ڕادەگرێ، هەر ئەو کەسەیە کە خۆڵ و خاشاک فڕێ دەداتە ناو ئاودەستی گشتی لەسەر شەقامەکان و فەرمانگەکان. هەر ئەو کەسەی کە لەسەر مێز دادەنیشێ لە ماڵەوە و دەیپارێزێ، کەچی هەر ئەو کەسەیە کە ناوی خۆی لەسەر کورسیی دانیشتنی قوتابخانە و زانکۆ هەڵدەکۆڵێ.

ئەو باوکەی کە داوا لە کوڕەکەی دەکات بەوەی بە سیستەمیماڵەوە پابەند بێت، هەر خۆیشیەتی کە تاقەتی نییە و پابەند نابێ لە ڕیزێکدا بوەستێ تا نۆرەی دەگاتێ. ئەو دایکەی کە ڕازی نییە تەنیا یەک وانەیش لە کوڕەکەی بە زایە بڕوات لە زانکۆ، هەر ئەویشە کە لە دەوامی فەرمانگەکەی، خۆی دەدزێتەوە و ڕا دەکا!

**پوختەی گوتە ئەوەیە:**

پێمان خۆش بێت یان نا، حکوومەت نیشتمان نییە؛ گرفتەکانیشمان بە وێرانکردنی نیشتمان، لەگەڵ حکوومەت چارەسەر نابن. ئەو گەلەی کە تۆڵە لە نیشتمان دەکاتەوە بەوەی کە حکوومەتێکی خراپی هەیە، شایەنی حکوومەتێکی باشتر نییە. پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونمان بەوە پێوانە ناکرێ، کە ئێمە تا چەند باخچەی ماڵەکانمان پاکژن، بەڵکوو بەوە پێوانە دەکرێ و دەردەکەوێ کە تاچەند پاکژیی باخچە گشتییەکان دوای دانیشتن و حەسانەوەمان تێیاندا، دەپارێزین.

ئەگەر لە حاڵی خۆمان تێڕامێنین، دەبینین کە خۆمان دوژمن و ناحەزی خۆمانین، بەوەی کەس هێندەی خۆمان خراپە دەرهەق بە نیشتمانەکەمان ناکات، بەقەدەر ئەوەی کە خۆمان دەیکەین. بەڕاستی دروستیان گوتووە: مرۆڤ پێویستی بە شەقامی پاکژ نییە، تا ڕێزلێگیراو بێ، بەڵام ئەوە شەقامەکانن کە پێویستیان بە خەڵکانی بەڕێز هەیە تا بە پاکژی بمێننەوە.

* "ڕابێرت فێسک" (Robert Fisk) لە 28ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2018 ئەو وتارەی بڵاو کردۆتەوە. یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە هەرە بەناوبانگەکانی جیهان؛ ئەوەی کە زۆر باش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەناسێ، سی ساڵ لەناویاندا ژیاوە و لە بەیرووت نیشتەجێ بوو. ئەو پەیامنێری ڕۆژنامەی ئیندپێندێنتی بریتانی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەکێکیشە لە ڕۆژنامەنووسە دەگمەنەکان. لە ساڵی 1983 لە زانکۆی ترینیتی لە دیبلن لە پسپۆریی زانستە سیاسییەکاندا بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە، لە هەمان کاتدا چوار بڕوانامەی دکتۆرای فەخری لەلایەن هەر یەک لە زانکۆکانی: Kent، Trinity College، Ghent، St Andrews، پێبەخشراوە. خەڵاتی ڕێزلێنانی Lannan Cultural Freedom Prize ، Premi Godó de Periodisme وەرگرتووە. ئەو لە 12/7/1946 لە شانشینی یەکگرتووی بریتانیا لەدایک بووە و لە 30/10/2020 لە دبلن کۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوە:

https://www.albawaba.com/ar